# كۆفی ئەنان دەمێکە چاوەڕێی نامە مێژوویەکەی ( تاهیر حەسەن) دەکات

سیروان قەرەداغی

لە (٤/٢٢) لە سایتی دەنگەکان ( تاهیر حەسەن) نامەیەکی کراوەی ئاراستەی کۆفی ئەنان کردووە، بە باشی دەزانم لە سەر مەبەست و ناوەڕۆکی نامەکەو سیاسەتی ئەم حیزبۆکەیە چەند شتێک ڕوون بکەمەوە.

(تاهیر حەسەن) خۆی باش دەزانێ کە کۆفی ئەنان کاتی خۆی بە خوێندنەوەی نامەی ئەووەوە بافیڕۆ نادات، دیارە مەبەستیەتی لە ڕێی ئەو نامەیەوە سوکایەتی بە گەلی کورد بکات. . . لای هەموو کەس ئاشکرایە کە حیزبی بەعس تا چەند ڕۆژێک پێش ڕووخانیشی سەر قاڵی دەرکردنی خێزانە کوردەکان و نیشتەجێ کردنی عەرەب بووە لە جێگەیاندا، جاری وا هەبووە ئەو ماڵە عەرەبە بەعسیەی کە خراوەتە شوێنی ماڵە کوردەکە، لە ناو ئوتومبیلەکەدا چاوەڕێی ماڵە کوردەکەی کردووە تا بۆی چۆڵ بکات. . . سەرنج بدەن چ تراژیدیایەک بووە؟

لە نامە مێژوویەکەی (تاهیر حەسەن) سکرتێری کوردوستانی حککع کە خۆشبەختانە ژمارەیان لە پەنجەکانی هەردوو دەست و هەردوو قاچ تێپەر ناکات، بە هیچ شێوەیەک باسی لە سیاسەتی تاعریب نەکردووەو، ئەو پێی وایە ئەو عەرەبە بەعسیانە بە زۆر هێنراونەتە کەرکووک و خانەقین نەک بە ڕەزامەندی خۆیان، بە ڕاست ئەمە چ ئینسافێکە؟. . . هەموو کەس و تاهیریش باش باش دەزانێ ئەوانە سەر بە موخابەراتی بەعس بوون و بە پارەیەکی زۆریش ئەو کارەیان کردووە. . هەر بۆیە ئەو عەرەبانەی بە مەبەستی تەعریب هاتوونەتە کوردوستان، دەبێت دەست لەو شوێنانە دەربکرێن و وەکو تاوانباریش دادگای بکرێن چونکە ئەو کارەیان بەشداری کردنە لە جینۆسایدی گەلێک. . . . . . لام سەیرە ئەوەی (سەدام حسێن) بە کوردی کردووە، شاروون بە فەلەستینیەکانی نە کردووە، کەچی هەڵوێستی ئەم حیزبۆکەیە لەبەرانبەر سەدام نەرم ترە وەک لە بەرانبەر شاروون، ئەم ماستە موویەکی تیا نیە؟؟. . . . کە ئەڵێم حیزبۆکە چونکە بە قسەی خۆیان چەند ساڵێک لەمەوبەر بە سەدان هەزار لایەنگریان لە هەموو وڵاتەکانی ڕۆژ ئاوا هەیەو هاکا هەموو قەڵای سەرمایەداریان ڕووخان، کەچی لە هەڵبژاردنی شارەوانیەکانی سلێمانی تەنها (٢٥٠) دەنگ بە دەست دێنن بێگومان ئەویش هی خێزانەکانی خۆیان بووە. . . پیاو قسەیەکیش بۆ دز بکات، بەو پێیەی حیزبەکەی ئەوان لە دوو بەش پێک هاتووە عەلەنی و نهێنی، جا ئەگەر ئەم دەنگانە تەنها دەنگی عەلەنیەکان بووبێت وە نهێنیەکان بۆ ئەوەی کەشف نەبن دەنگیان بە حیزبێکی تر دابێت، ئەوا ئەو بۆچوونەی من دەربارەی ژمارەو لایەنگرەکانیان هەڵە دەردەچێت و داوای لێبووردنیان لێدەکەم. . . . . . . . . . . . . . . . . .

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لەناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org